# دەربارەی "ئیسلامی سیاسی" لە کوردستان

( بەشی یەکەم )

ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی
Ismail_rwandzi@yahoo.com



لەم نوسینەمدا هەوڵدەدەم پەیدابوونی ( ئیسلامی سیاسی ) لە کوردستان بکەمە بنەمایەک بۆ ڕۆشنکردنەوە و کردنەوەی گرێوگۆڵە فیکری و سیاسیەکانی ئەم ڕەوتە لە کوردستان و ناوچەکەدا . ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر پێویستی تێگەیشتنی (ئیسلامی سیاسی) وەک زاهرەیەکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی لە کوردستان لە پێناو ئیستعاب و گریدانی لە گەڵ ژیانی سیاسی بۆتە زەرورەتێک . ژیانی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان لە دووریانێکی چارەنووسازدایە : ئایا دەبێ (ئیسلامی سیاسی) تەنها لە رووی ئەمنیەوە سەیر بکەین ؟ بەو مانایە کە وەک مەترسیەکی گەورە لەسەر ئازادی و دیموکراسی پێویستە بەگژی دابچین ، یاخود دەکرێ ئەم زاهرەو ڕەوتە نامۆیە وەک ڕەوتێکی سیاسی تێکەڵ وبەشداری ژیانی سیاسی و پرۆسەی گەشەی دیموکراسی کوردستانی بکەین ؟ . پێموایە لە داهاتوویەکی نزیکدا گرێدان و تێکەڵکردنی ڕەوتە ئیسلامیەکان لەگەڵ ژیانی سیاسی کوردستان ، بە تایبەتیش پاش گەشە و بەدەستەوەگرتنی دەستهەڵات لە لایەن ئەم ڕەوتەوە لە ناوەراست و باشوری ئێراق ، گەورەترین جەدەلی فیکری و سیاسی و ئەمنی لە گۆرەپانی کوردستان دەنێتەوە . ڕاستە (ئیسلامی سیاسی) لە کوردستان هەر لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بەردەوام کێشە و سەرئێشە بووە ، بەڵام گۆرانی دراماتیکانەی هاوسەنگی هێزەکان بە قازانجی ئەم ڕەوتە لە گۆرەپانی سیاسی ئێراقدا زەرووڕەت و گرنگی خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئەم ڕەوتە دەخوازێ کە یارمەتیدەر بێت بۆ تەعامل کردن لەگەڵ ئەم ڕەوتە بە شێوەیەکە بێتەوە لەگەڵ ئاڵوگۆرەکان لە لایەک و مەسەلەی بەشدارپێکردنی (ئیسلامیەکان) لە ژیانی سیاسی کوردستاندا لە چواچێوەی تێگەیشتنێکی گشتی تر بێت بۆ ئەو مەترسیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرانەی پەیوەستن بەم بزووتنەوەیە لە لایەکی تر.

ڕەوتە ئیسلامیەکان لە ڕێگای باسکردنی تایبەتمەندی خیتابی ئیسلامی و کۆمەڵگا ئیسلامیەکان و سیستەمی ئیسلامی و سەرکەوتوویی سیستەمی شورای ئیسلامی بەسەر سیستەمی دیموکراسی ، ئەوا دەیانەوێ لەو ڕێگایەوە خۆیان بخەنە جێگای ڕەوتێکی شاز و دەگمەن کە ئاڵوگۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژووییەکان کاریگەری نیە لە سەرییان و بەرنامەکانیان پەیوەست نیە بە کات و کۆمەڵگایەکی دیاریکراو . واتە بە جۆرێک کە خۆیان لەدەرەوەی چوارچێوەی زانست و زاهرە مرۆڤایەتیەکان دەبینن . ڕاستیەکەی کاتێک ڕەوتە ئیسلامیەکان خوێندنەوەیەکی وادەدەن کە مێژوو و میراتی ڕۆشنبیری (ئومەتی ئیسلام) راستیەکی تایبەتی شازە ولە دەرەوەی ڕێرەوی مێژووی مرۆڤایەتیە ، ئەوا هەوڵی ناساندنی خۆیانە وەک بزوتنەوەیەکی فرپشتەیی کە ناکرێ هەڵە بکەن . لەمەشدا دەیانەوێ کەسان و لایەنی جیاواز و ئۆپۆزیسیۆن بە خۆیان وا پیشان بدەن کە دژ بە ئیسلامن نەک بە دژی لێکدانەوەیەکی سیاسی تایبەت لە ئیسلام .

ڕاستە ڕێزگرتن لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ هیچ کاتێک لە ئەجندە و بەرنامەی بزووتنەوە ئیسلامیەکان نەبووە ، مێژوویان لەو وڵاتانەی کە دەستهەڵاتیان بەدەستەوە بووە وەک ئەفغانستان و ئێران و سودان و ...هتد نمونەی پێشێلکاری ئازادیە تاکەکەسی و گشتیەکان و نەبوونی دیموکراسی بووە ، بەڵام بێگومان ئاڵوگۆڕەکان و جیهانی دوای 11 سێپتێمبەر ڕەوتە ئیسلامیەکانی خستۆتە بەردەم واقعێکی ترەوە . (ئیسلامی سیاسی) کە خاوەنی باوەری شمولی وگشتگەرە و پێیوایە باوەڕهێنان بە دەقە ئاینی و ئایدۆلۆژیەکان ئیتر ئیمکانی رابەرایەتی (ئومەتی ئیسلام)ی دەداتێ بۆ ریفۆرم و سەرکەوتنی میللەت ، بەبێ گوێدانە زانست و هونەر و دیموکراسی و منافەسە و ئازادیەکان، ناتوانێ چیتر چاوپوشێ بکا لە پێویستی ئاوردانەوە لە زمانی ژمارەکان و تێکەڵاوی ڕەخنەگرانە لە گەڵ دەوروبەرو جیهاندا . ڕەوتە ئیسلامیەکان لە داهاتوودا ناتوانن و نابێ لە پشت پەردەی پیرۆزیدان بە دەستەواژە سیاسیە نەگۆڕەکانیان خۆیان تایبەتمەند و لە سەرووی ئەوانی تر ببینن . کاری سیاسی بۆ هەر ڕەوتێکی سیاسی کە هەوڵی گەیشتن بە دەستهەڵات دەدا لە ڕێگەی ئامرازە دیموکراسیەکان ناتوانی پەیوەست بێت بە خیتابێکی نەگۆڕو چاوپۆشی بکا لە واقعە سیاسی و کۆمەڵایەتیە گۆراوەکان .

بێگومان هەرچی بڵێن وهەرچی بکەین هەمیشە پرسیارێک یەخەمان دەگرێ : ئایا ڕەوتە ئیسلامیەکان ، بەهۆی سروشت و پێکهاتی دژی دیموکراسیانەیان ، دەتوانن گەشە و کاردانەوەی پۆزەتیفانەیان هەبێ لە گەڵ پرۆسەی دیموکراسی ؟ ئایا دەبێ گرەو بکەین لە سەر ڕێزگرتن و باوەڕهێنانی بزوتنەوە ئیسلامیەکان بە دیموکراسی ؟ . هەوڵدەدەم لە بەشەکانی داهاتوو وڵامی ئەم پرسیارانە و هیتریش بدەمەوە .